# نەتەوەی کورد نایەوێت لەلایەن ترامپەوە کەڵکی نابەجێی لێوەرگیرێت

ئەم ڕاپۆڕتەی خوارەوە لە لایەن ڕۆژنامەی کات "Zeit" لە ئاڵمانیا ڕۆژی ٣٠ی مارسی ٢٠٢٦ بڵاوکراوەتەوە. وەرگێر: نادر فەتحی (شوانە)



هێرشی هێزی زەمینی دژی ڕژیمی مەلاکانی ئێران؟ پێشمەرگەی کورد لە باکوری عێراقەوە دەتوانێت پشتیوانی ئەمریکا بکات. دیارە ئەوان ئەمەیان ناوێت، بەڵام لەوانەیە بکێشرێنە ناو شەڕەکەوە.

ئەگەر کەیوان مزەفەرقادر موشەکێک لێی نەدابا، بەم زووانە جێژنی یەکەمینساڵیادی هاوسەرگیرییەکەی جێژن دەگرت. کەیوان پێشمەرگە و شەڕکەر بوو لە کوردستانی عێراق، بەڵام هەرگیز شەڕی نەکردووە. تەمەنی ٢١ ساڵەیە. ئەحمەد مزەفەر قادر، باوکی کەیوان، خۆشی پێشمەرگە بووە، دەڵێت: "ئێمە لەلایەن دوژمنانمانەوە دەورە دراوین". لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا لەگەڵ ئێرانییەکان لە دژی سەربازانی سەدام حوسێن، سەرۆککۆماری عێراق شەڕیان کردووە. پاشان لە ساڵی ٢٠١٤دا شانبەشانی ئەمریکییەکان بەشێک بوون لە هاوپەیمانیی بەناو دژە داعش؛ هەر لەو سەردەمەدا ئەحمەد بریندار بووە و لە کەمەرەوە بۆ خوارەوە ئیفلیجە. جەستەی خۆی لە پێناو خەباتی ئازادیدا کردۆتە

قوربانی - ئێستاش کوڕەکەی. ئەو لە ماڵەکەی خۆیدا و لە گردەکانی سەرووی ناوچەی سۆران لەسەر سکی پاڵکەوتووە و دەڵێت: "شانازی دەکەم".

ئەم ناوچەیە دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای کوردستان و کەمتر لە ٣٠ کیلۆمەتر لە سنووری ئێرانەوە دوورە. ئەحمەد تەمەنی ٥٥ ساڵە، قژێکی کورتی هەیە و نیگایەکی گەلێک بە ئیرادە. ئێستا بۆ ساتێک خەریکی پشوودانە، پشوویەکی نیوەڕۆ دوای پرسە و سەرەخۆشییەکی درێژخایەن کە بۆ کوڕەکەی گرتووە. ئەمڕۆ ڕۆژی ناشتنی کوڕەکەیەتی. خودی ئەحمەد دەڵێت: "سێ ساڵ پێش ئێستا کوڕەکەم برد بۆ نووسینگەی تۆماری پێشمەرگە، ئەو ڕێکخراوە چەکدارانەی لەلایەن هەموو حزبێکی کوردییەوە پشتیوانی دەکرێ و ئەرکیان پارێزگاریی وڵاتە".

ئەحمەد دەڵێت کەیوان مرۆڤێکی بەخشندە و میهرەبان بوو، هەرگیز نەیویستووە ئازار بە هیچ کەس بگەیێنێت. ئێستا شەهیدە. ڕژیمی مرۆڤکوژی ئێران ئەو مووشەکەی هاویشت، کوڕەکەی کوشت و دوای دوو ڕۆژ ڕایگەیاند هێرشەکە "هەڵەیەکی پەشیمانکەرەوە" بووە. ئەحمەد دەڵێ "درۆ دەکەن" ."ئەوان دەیانەوێت ئێمەی کورد بسڕنەوە". ئەو باس لەوەش دەکات کە شەڕی ئێران شەڕی نێوان ئەمریکا و ئیسرائیلە. "ئەمە شەڕی ئێمە نییە."




ئەحمەد قادر پێی خۆش بێت یان نا، شەڕی ئێران کاریگەریی لەسەر کوردەکانی عێراقیش دەبێت. کوڕەکەی یەکێکە لەو شەش چەکدارانەی هەفتەی ڕابردوو بەهۆی مووشەکەکانی ئێرانەوە گیانیان لەدەست داوە. هەنگاوێکی دیکەی ڕژیمی ئێران بۆ هاندان و پەرەپیدانی شەڕ لە ناوچەکەدا.

شەڕەکە بەردەوام گەورەتر دەبێتەوە. ئێران هێرشی کردۆتە سەر دەوڵەتانی کەنداو، ئیسرائیل و حیزبوڵڵا لە لوبنان شەڕ دژ بە یەکتریان دەستپێکردووە، و کۆتایی هەفتەی ڕابردووش حوسییەکانی یەمەنیش خۆیان کێشاوەتە ناو ئەم شەڕەوە. لە هەرێمی کوردستانی ئۆتۆنۆمیشدا، هەروەک سەرتاسەری عێراق، هەوڵدەدەن تا دەتوانن خۆیان لەو شەڕە دوور ڕاگرن، بەڵام بە پێی تێپەڕبوونی کات دۆخەکە بەردەوام خراپتر دەبێتەوە. دۆناڵد ترامپ سەرۆکی ئەمریکاش لەم کارەدا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە.

ڕۆژی ٤ی مارس، ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز بڵاویکردەوە، ڕەنگە "CIA" چەک بۆ پێشمەرگە کوردەکانی ئێران دابین بکات بۆ ئەوەی وەک هێزی زەمینی لە شەڕی دژ بە ڕژێمی تاران بەکاریان بهێنێت. ترامپ بە ئاشکرا پشتگیریی لەم بابەتە کرد. دوو ڕۆژ دواتر دژایەتی بۆچوونەکەی پێشووی خۆی کرد و هۆشداریی دا شەڕلە ناوچەکە بە ڕادەی پێویست ئاڵۆزە و نایەوێت دەستوەردان لە دۆخی کورد و پێشمەرگەکانی دژ بە ئێران بکات. سەرەڕای ئەوەش کوردەکان کەوتوونەتە بەر هێرشی نیزامی ڕژێمی ئێران و میلیشیا تێرۆریستەکانی لایەنگری ئێران لە عێراق. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ترامپ یان ئاڵۆزیی دۆخەکەی لەوێ بە کەم گرتووە، یان زۆر بە سادەیی گرنگی پێنەداوە.

**ستەم، کارەسات و توندوتیژیی**

مێژووی کورد ئاڵۆزە، پڕە لە کارەسات و توندوتیژیی. بە نیزیکەی ٣٠ تا ٤٠ ملیۆن کەس، بە گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتی جیهان دادەنرێن و چەندین جار ڕووبەڕووی پارێزگاریی لەخۆ، کۆمەڵکوژی، ستەم و توندوتیژیی بوونەتەوە. لە تورکیا پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) کە لەلایەن چەند وڵاتیکەوە وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی پۆلێن کراوە، مانگی ئایاری ساڵی ڕابردوو هەڵوەشاندنەوەی خۆی ڕاگەیاند. لە سوریا، لەشکری ئەحمەد ئەلشەرا، سەرۆکی کاتیی سوریا، هەر لەم دواییانەدا لە مانگی کانوونی دووەمدا بە زۆر هێزەکانی کوردی پارتی دیموکراتی کوردستانیان خستە گوشار و بە شێوەیەکی کاریگەر ناوچەی خۆبەڕێوەبەری کوردانی لە ڕۆژئاوای کوردستان هەڵوەشاندەوە. تەنانەت لە ئێرانیش کە کورد نزیکەی لەسەدا دەی دانیشتوانەکەی پێکدەهێنن، ستەمیان لێدەکرێت: سەرەتا لەلایەن شا، ئێستا لەلایەن مەلاکانەوە. لە عێراق لانیکەم کورد توانیویانە هەرێمێکی ئۆتۆنۆم، قەوارەیەکی ناسک بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن.

ئێستا پێشمەرگە، هەرچەندە هێشتا پێیان لە ئێران دانەناوە و یەک فیشەکیشیان نەتەقاندووە، بەردەوام لە کوردستان هێرشیان دەکرێتە سەر. بە دڵنیاییەوە

بەرپرسان و فەرماندەکانی حزبەکەیان دەڵێن، ئەو کێشەیە گفتوگۆی لەسەردەکرێت. ئەم باسە لە مانگی بانەمەڕەوە دەستی پێکرد و هاوکات بوو لەگەڵ ناڕەزایەتییەکانی ئێران دوای ئەوەی ڕێژیمی ئێران گەلی خۆی لە شەقامەکاندا کۆمەڵکوژ کرد. لەو سەردەمەدا چەند پارتێکی ئۆپۆزسیۆنی کوردی بە ڕەچەڵەک ئێرانی، کە لە کوردستانی عێراق دەژین، هاوپەیمانییەکیان پێکهێنا. ئەم هاوپەیمانییە لە نێوان چوار حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێکهات. لە پشت هەرکام لەو ڕێکخراوانە ئایدۆلۆژیا و هەڵوێستی جیاواز لەسەر چۆنیەتی هەڵسوکەوتی مرۆڤ لەم ململانێیەدا هەیە. بەڵام ئەوەی ئەو هاوپەیمانییەی پێکهێناوە، ئەوەیە کە هەمووان دەیانەوێت پشتگیریی لە شۆڕش و خۆپیشاندەران لە ئێران بکەن. پاشان ئەمریکا و ئیسرائیل شەڕیان دەستپێکرد و دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەوە کە ئەمریکا دەیەوێت پێشمەرگە وەک هێزی زەمینی بنێرێتە ناوچەکەوە.



پارتی "PAK" یەک لە شەڕڤانترین پارتەکانی ئۆپۆزسیۆنە. ڕوبەر لەیلاکسی "Rubar Laylaxi " فەرماندەی پێشمەرگەی ژنانی ئەم ڕێکخراوەیە. ژنان بە شێوەیەکی نەریتی ڕۆڵێکی گرنگیان لە ڕێکخراوە کوردییەکاندا هەبووە و یەکسانی هەمیشە یەکێک بووە لە داواکارییە ناوەندییەکانیان. کۆبوونەوەیان لە شوێنی کەمپی"PAK" بەڕێوەدەچێت کە بنەماڵەی پێشمەرگەکانیان تێدا نیشتەجێ کردووە و نزیکەی نیو کاتژمێر بە ئۆتۆمبێل لە ڕۆژهەڵاتی هەولێرەوە دوورە.



مرۆڤێکی تەمەن ٣٤ ساڵە لەگەڵ سڵاودا دەڵێت: "زیاتر لە بیست خولەک، کەس ناتوانێت لێرە بمێنێتەوە، شوێنێکی گەلێک مەترسیدارە". مەترسیدارییەکی لە چاوخشاندنێک بە دەوروبەری ناوچەکەدا ڕوون دەبێتەوە. بەسەر داروپەردووی خانووەکاندا، بەسەر ئەو خەندەقەی موشەکێک هەڵیکۆڵیوە، پاشماوەی لێوارە تیژەکانی مووشەکەکە هێشتا لە زەویدا ماونەتەوە. هەروەها لە هەموو شوێنێکی دیوارەکانیدا: جێ و شوێنی تەقەمەنی، کون بە گەورەیی قامک و مشت،ی پێوە دیارن. موشەکەکان لە ڕۆژی ٤ی مانگی ئازاردا هەناردەی ئەو شوێنە کران — ئەو ڕۆژەی دەنگۆی هێزی زەمینیی دەستی بە بڵاوبوونەوە کرد. سەرەتا مووشەکێک، پاشان یەکێکی دیکە، دواتر سێیەم مووشەک و ... تەنیا چەند چرکەیەک لە نێوانیاندا هەبوو. بەزەحمەت مرۆڤ توانی خۆی لەسەر زەوی ڕاکێشێت. بە دڵنیاییەوە کاتی نێوان تەقینەوەکان هێند نەبوو مرۆڤ بتوانێت خۆی بگەیێنێتە شوێنێکی ئەمن و پارێزراو. لە هێرشەکەدا سێ کەس بریندار بوون؛ کەسێکیش گیانی لەدەستدا.

هەر بۆیە کەمپەکە کۆکرایەوە، هەروەها یاسای ٢٠ خولەک خرایە بواری جێبەجێکردنەوە. پێشمەرگە ترسی ئەوەی هەیە ئەگەر ئێران هەر جوڵەیەک لێرە دەستنیشان بکات جارێکی دیکە هێرشیان بکاتەوە سەر و بۆمباردومانیان بکات. "Laylaxi" کە جلیقەیەکی دژە فیشەک و چەک و تەقەمەنیتری بەخۆوە هەڵواسیوە، دەڵێت: "هەمیشە ئامادەبووین بۆ شەڕکردن". دەگوترێت پێشمەرگەی "PAK" بە فەرماندە ژنەکەیەوە مەبەستیان هێرشکردن بۆ ناو ئێران بێت. بەڵام وێدەچێت لەیلاکسی تارادەیەک لەم بۆچوونەدا لە نێو ڕێکخراوە هاوپەیمانییەکان و زۆرینەی دانیشتوانی کورد، تەنانەت لە ناو حیزبەکەی خۆشیدا کەمینەیە بێت.

**هەر هێرشێک ئاگادارکردنەوەیەکە**

شاری کۆیە نیو کاتژمێر لە کەمپی پێشووی "PAK"وە دووره. ناوەندێکە بۆ لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزسیۆنی حیزبە کوردییەکانی ئێران لە باشووری کوردستان. کۆگایەک دوکەڵی ڕەش لە دوورەوە دیارە. فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوان کەمپێکی دیکەی پێشمەرگەکانی داوەتە بەر هێرش. سەربازەکانی ناوەندێکی پشکنین کە تەنیا چەند سەد مترێک لە کەمپەکەوە دوورن، گەلێک نائارام بوون. پاشان فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانێکی دیکە لە ناوچەکە دەتەقێتەوە. دەنگی تەقینەوەیەکی بەرز ئەو شوێنە دادەگرێت. دوکەڵێکی زیاتر بەرەو ئاسمان بەرز دەبێتەوە.



هەر کام لەو هێرشانە هۆشدارییەکە لە لایەن ئێرانەوە بۆ نەتەوەی کورد کە دەستوەردان لە کاروباری ئێراندا نەکەن. دیارە کاریگەریشی هەیە. ئێستا پژاک لە ڕێگەی سۆشیال میدیاکانەوە ڕایگەیاندووە هاوکاریی لەگەڵ ئەمریکا ڕەتدەکەنەوە. هەروەها لایەنەکانی تریش تا ڕادەیەکی زۆر هەوڵ دەدەن بۆ کەمکردنەوەی پەرەسەندنی دۆخەکە ئەو هەڵوێستە بگرنەبەر.

**سیاسەت لەبری شەڕکردن**

شاری سلێمانی دەکەوێتە باشووری کوردستان. لەم ناوچەیەدا زۆرجار پەیوەندییەکان لەگەڵ ئێران بە هەڵسەنگاندن لەگەڵە باکوری هەرێم گەلێک باشترە. چیاکانی زاگرۆس لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا تا ڕادەیەک لەم شوێنەدا تەخت دەبنەوە و خەڵک بۆ کار، بۆ سەردانی خزم، یان بۆ بینینی هاوڕێیان لە نێوان هەردوو وڵاتدا هاتوچۆ دەکەن. لە سەرەتای شەڕەوە سنووری نێوانیان داخراوە. سیخوڕەکانی ئێران لە دیوی عێراقی سنوورەکە ئامادەن، پێدەچێت بۆ چاودێریکردنی جموجۆڵەکانی پێشمەرگە بێت. هەندێک لە کوردستان ترسیان لەوە هەیە کە سیخوڕەکان پلانی ڕفاندنی مرۆڤ یان ئامادەکاری هێرشیشیان لە پلاندا بێت. کەمپێکی سەر بە کۆمەڵە کە یەکێکی دیکەی حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی بە ڕەچەڵەک ئێرانییە، دەکەوێتە دەرەوەی شاری سلێمانی. سێکرتری گشتی، حەسەن ڕەحمانپەنا، هەموو هەوڵێک دەدات بۆ ئەوەی خۆڕاگریی لە خۆی نیشان بدات و

هاوکات دیسیپلینیش لە نێو کۆمەڵەکەیدا بپارێزێت. بلوزێکی ئەستووری شین و لە ژێرئەویشەوە کراسێکی لەبەرکردووە؛ هەموو پێشمەرگەکانی دیکە لە کەمپەکەدا ئونیفۆڕمیان لەبەردایە.

هەروەها دەشڵێت: "ماوەی ٤٧ ساڵە دژ بە ڕژیمی تاران شەڕ دەکەین، بەڵام ئێستا کاتی ئەوە نییە پەنا بۆ چەک ببەین، ئێمە ڕێگەچارەی سیاسیمان دەوێت و لە سەرووی هەمووشیانەوە دەبێ خەڵکی ئێران خۆیان لە دژی ڕژێم ڕاپەڕن. بە دڵنیاییەوە نامانەوێت لەلایەن ئەمریکاوە دۆخی ناوچەکە دیاریی بکرێت؛ پێشمەرگە لە ڕابردوودا ئەزموونی گەلێک خراپی لەگەڵ ئەو کارەدا هەبووە."



کەمپی کۆمەڵە

**هیچ متمانەیەک بە ئەمریکا نییە**

لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا ئێران و ئەمریکا لە خەبات بۆ گەیشتن بە مافی چارەنووسی کورد پشتیوانی حیزبە کوردییەکانیان کرد لە عێراق، بەڵام لە سەرووی هەموو ئەمانەوە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و لاوازکردنی حکومەتی عێراق بوو. لە ساڵی ١٩٧٥ تاران و بەغدا ڕێککەوتنێکیان واژۆ کرد؛ کورد لەوناوەدا دۆڕا و ئەمریکاش بێدەنگی لێ هێنا. دوای کۆتاییهاتنی شەڕی دووهەمی کەنداو لە ساڵی ١٩٩١، سەرۆکی ئەمریکا بوشی گەورە، دیسان داوای لە کورد کرد بەرەنگاری سەدام حسێن ببنەوە. کاتێک دواتر ڕژێمی سەدام کوردەکانی بۆردومان کرد و گیانی دەیان هەزار کەسی کردە ئامانجەکانی خۆی، پشتیوانی ئەمریکا بۆ زۆربەی کوردەکان گەلێک درەنگ و لاواز هاتە ئاراوە. نەتەوەی کورد لە کوردستان ئەم ڕووداوانەیان بەباشی لەبیرە و هەرگیز لە یادی ناکەن.

له کەمپەکەدا نائارامی دروست بووە. هەمووان شوێنەکە بەجێدەهێڵن! فڕۆکەی بێفڕۆکەوان نزیک دەبنەوە. دووبارە و سێ بارە. تەنیا شەوێک پێشتر هێرش کرایە سەر بنکەیەکی حیزبەکە. هیچ شتێک نابینرێ؛ ئاسمان پڕە لە هەوری باراناوی. تەنیا دەنگی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەکان دەبیسترێت. پاشان تەقینەوەیەک. جارێکی دیکەش هێرش کراوەتە سەر کەمپی دراوسێی کە تەنیا چەند کیلۆمەترێک لێرەوە دوورە.

ڕەحمانپەنا دەڵێت ئێران لەم شەڕەدا ڕەنگە لاواز بێت، بەڵام نادۆڕێت. ڕەنگە بە لاوازیی لەو شەڕەش ڕزگاری بیت، بەڵام شکست ناهێنێت. ڕوانگەی ئەو بۆ داهاتوو ئەمەیە: دوای کۆتایی هاتنی شەڕ، دەبێت ڕێگە بدرێت بە خەڵکی ئێران هەناسەیەکی ئارام هەڵکێشن. پاشان دژی دەسەڵاتێکی لاواز شۆڕش دەست پێبکەنەوە. دەکرێت ئەوە ئەو ساتە بێت کە بتوانن ئاڵوگۆڕ پێکبێنن.

**گەڕانەوە بۆ یارمەتی**

هەموو مرۆڤێک لە حیزبەکەدا هێندە ئارام و سەبوور نین. بەرەبەیانی ڕۆژی دواتر لە ئۆردوگای کۆمەڵە جەژنی ڕەمەزان بەڕێوە دەچێت؛ چیاکۆ محەممەدی و زۆربەی هەڤاڵەکانی جلوبەرگی نەریتی پێشمەرگەیان لەبەر کردووە: دەسرەیان لە دەوری مل هاڵاندووە و پشتێنیان لە کەمەرهاڵاندووە. پێش نانخواردن، محەمەدی گەشتێک بە کەمپەکەدا دەگێڕێ، شوێنی پێشمەرگەکانمان پیشان دەدات، دیارە بەو مەرجەی دەنگی هیچ فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوان نەبیسترێت.



چیاکۆ محەمەدی پێشمەرگەیەکە کە لە ئاڵمان ژیاوە

چیاکۆ محەمەدی تەمەنی ٣٠ ساڵە و بە زمانی ئەڵمانی قسە دەکات. لە ئێران گەورە بووە و دواتر دوای ئەوەی باوکی چەند ساڵێک لە زیندانی ئەڤین لە تاران گیراوە، لەگەڵ دایک و باوکی هەڵاتووە بۆ باشووری کوردستان. لە بەندیخانەی ئەڤین زیندانییە سیاسییەکان زیندانی دەکرێن، ئەشکەنجە دەدرێن و لە سێدارە دەدرێن. چیاکۆ هەر لە منداڵییەوە تووڕەیی و بێزاریی خۆی بەرامبەر بە ڕێژیمی ئێران لەخۆیدا پەروەردە کردووە. بەڵام بەپێچەوانەی سێکرتری گشتی ئەو ئەزموونەی نییە کە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕژیمی ئێران چەندە مەترسیدارە.

چیاکۆ ماوەی دوو ساڵە لەگەڵ هاوژینەکەی لە نیدەرزاکسن "Niedersachsen"ی ئاڵمان دەژین و وەک یارمەتیدەری هێزی پەرستار لە نەخۆشخانە کاردەکات. هاوژینەکەی هێشتا هەر لە ئاڵمان ماوەتەوە بەڵام حەز دەکات بێتەوە کوردستان؛ ئەویش پێشمەرگەیە، بەڵام گەڕانەوەی هێندە ئاسان نییە، بەو پێیەی کە ئاسمانی سەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تەواویی داخراوە. چیاکۆ لە ڕێگەی ڤیدیۆوە پەیوەندیی بە هاوژینەکەیەوە دەگرێت. سڵاو، پەیوەندییەکی کورت، پاشان ماڵئاوایی دەکات.

کاتێک نارەزایەتییەکان لە ئێران دەستیپێکرد، چیاکۆ گەڕایەوە کوردستان. دەڵێت، ئەو بەو مەبەستەوە گەڕاوەتەوە ئەگەر پێویست بێت، بتوانێ یارمەتی خەڵکی بدات. دەشڵێت ڕەنگە لە ئەڵمانیا هەموو کەسێک لەو بڕیارەی من تێنەگەن. چیاکۆ هەروەها پێی وایە ئێستا کاتی ئەوە نەهاتووە پێشمەرگە بچێتە نێو شەڕەکەوە. نەک هەر بۆ ئەوانەی لە ئێرانن و بە دڵنیاییەوە بۆ ئەوانەی لە عێراقیشن چوونە ناو شەڕێک کە هی ئێمە نییە، مەترسیدارە. بەڵام هیوادارە ساتەوەختی ئازادی بەم زووانە بێت. کەسانی دیکەی ناو کەمپەکەش هەمان شت دەڵێن. لەگەڵ هەر هێرشێکدا نائارامییەکان گەشە دەکەن، هەروەها ترس لە دەرئەنجامەکانیش پەرەدەستێنن.



چەند لە پێشمەرگەکانی ناو کەمپەکە

## هۆشدارییەکان لە بەغداوە

بە تایبەتی بۆ هەرێمی کوردستان و بۆ عێراق بە گشتی، چوونە ناو ئەم شەڕە لە ڕادەبەدەر مەترسیدار دەبێت. بۆیە حکوومەتی هەرێمی کوردستان داوای لە لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان کردووە لە ململانێکان خۆیان دوور ڕاگرن. هەروەها خاتۆ شاناز ئیبراهیم ئەحمەد، کە خۆی کوردە، لەم دواییانەدا وتوویە: "دەست لە گیانی کورد هەڵگرن! ئێمە بەکرێگیراو نین کە بە سادەیی بەکرێیان بگرن". پەیامێکی ڕوون بۆ ئەمریکا.

لە بەغدای پێتەختی عێراقیش پێدەچێت خواستێک هەبێت کە تا ئەو جێیەی بگونجێت پەیوەندییەکی کەمیان بە ئەمریکییەکانەوە هەبێت. لە کاتێکدا بوونی سەربازەکانی ئەمریکا لە عێراق و کوردستان گەلێک بەرچاوە، پێدەچێت لەم چەند ڕۆژەی دواییدا ئەو ڕوانگەیە لە بەرزبوونەوە دابێت کە بوونی هێزی ئەمریکی لە ناوچەکە یارمەتیدەر بۆ دۆخی ئاسایشی دانیشتوان نییە.

محەممەد شیاع ئەلسودانی "Mohammed Schia al-Sudani"، سەرۆکوەزیرانی عێراق لە ٢٣ی ئازاردا هەڵوەشاندنەوەی هاوپەیمانی دژە داعشی پشتڕاستکردەوە کە لە ساڵی ٢٠١٤ دامەزرا، ئەمریکا تا مانگی ئەیلولی ٢٠٢٦ لە وڵاتەکە دەکشێتەوە – لەوانەیە زووتریش.

## تیرۆریستەکان خەریکی گەشانەوەی هێرشەکانیانن

نزیکەی هەموو شەوێک بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و مووشەک لە باشووری عێراق و ئێرانەوە لە دامەزراوەکانی ئەمریکا وەک فڕۆکەخانەی هەولێر دەدرێت؛ هێرش کراوەتە سەر کونسوڵخانەی ئەمریکا و تەنانەت ئەو هۆتێلانەی گوایە کارمەندانی ئەمریکی سەردانیان دەکەن بوونەوتە ئامانجی تێرۆریستەکان. لە کاتێکدا زۆرێک لە هێرشەکان لەلایەن سوپای ئەمریکاوە پووچەڵ دەکرێنەوە، بەڵام بە بەردەوامی پاشماوەی مووشەک و درۆنەکان لە ئاسمانەوە دەکەونە خوارەوە و خەڵکی مەدەنی پێ دەخەنە مەترسییەوە. ئاگادارکەرەوەی هێرشی ئاسمانی، ئەپەکانی ئاگادارکەرەوەی پێشوەختە و شوێنی پەناگا - هیچ کام لەمانە لە کوردستاندا بوونیان نییە. هەروەها لەگەڵ هەر هێرشێکدا، هەستکردن بە هەڵسوکەوتی نیگەرانیی خەڵکیی ئاشکراتر دەبێتەوە: ئەگەر ئەمریکییەکان لێرە نەبوایەن، هیچ شتێک نەدەبوو هێرشی بکرێتە سەر.

بەڵام ئەو بۆچوونە هێندە سادە نییە. هێرشەکان تەنیا دژی ئەمریکا نین، هەروەها ئەم هێرشانە نەک هەر دژی کورد، بەڵکوو دژی حکومەتی بەغداشن.

ئەم هێرشانە تەنیا لە ئێرانەوە سەرچاوەیان نەگرتووە. بەشێکی زۆر لە فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکان لە لایەن تیرۆریستییەکانی هێزی نیابەتیی ئێران، لە عێراقەوە دەهاویشترێن کە زۆربەیان نیشتەجێی باشووری عێراقن.

لە چەند ڕۆژی ڕابردووەوە ئەم تیرۆریستانە هاوشانی ئێران دۆخەکەیان پەرەپێداوە. بارەگاکانی دەزگای هەواڵگری عێراقیان لە دڵی بەغدا تۆپباران کردووە و هێرشیان کردۆتە سەر بنکەکانی عێراق و سەربازانی حکومەتیشیان کوشتووە. بەردەوام هێرش دەکەنە سەر بنکەی حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانی کوردی ڕۆژهەڵات و تەنانەت هێرشیان کردۆتە سەر ماڵی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش.

دیارە ئەمریکاش وەڵامی داونەوە و هێرشی ئاسمانی کردۆتە سەر پێگەی میلیشیاکان، بەڵام نارەزایی حکومەتی عێراقی لێ کەوتەوە. لەم حەوتووەدا ئێران هێرشی کردە سەر ئۆردوگایەکی سەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - یەکێک لە دوو حیزبی دەسەڵاتداری ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەوە ئەو هێرشە بوو کە کەیوان مزەفەر قادر تێیدا کوژرا.

بۆ ساتێک باوکی کەیوان نەیتوانی خۆی ڕاگرێ و دەستیکرد بە گریان. تا ئێستا ددانی لەسەر جەرگی دانابوو، بە شانازییەوە جەختی لەسەر هەڵسوکەوت و تایبەتمەندییە ئەرێنییەکانی کوڕەکەی دەکرد، بەڵام ئێستا لەسەر دۆشەگەکەی بە تەنیایە ماوەتەوە و خەم دایگرتووە. پرسیارم لێ کرد، خۆشترین بیرەوەریی کەیوان چییە؟ بۆ ساتێک بیری کردەوە و گوتی: "پێشتر کاری بێتونم دەکرد، ڕۆژێک لە کارەکەمەوە هاتمە ماڵەوە، هێشتا تەپ و تۆزی کارەکەم لە خۆم نەکردبۆوە. کەیوان لە بەر دەرگاکەوە چاوەڕێی منی دەکرد، دەستی گرتم و وتی: "با بچین شتێک بخۆین باوکە."

پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆش پرسە و سەرەخۆشیی بەردەوامە. باوکی کەیوان لەوێ دانیشتووە و سەدان پیاو سەرەخۆشی خۆیان پێشکەش دەکەن. لەدەرەوە، تیمە تەلەفزیۆنییەکان چاوەڕێ دەکەن، فیلم و وێنەی ژەنەڕاڵەکان و بەرپرسانی حزبی و سەرۆکوەزیرانی کوردستان دەگرن کە بە ئۆتۆمۆبیلی زرێپۆشەکەیانەوە سەردانی ئەو شوێنە دەکەن. هەمووان دەزانن: ئەمە تەنیا هەر پرسەیەکی ئاسایی نییە. سیاسەتی جیهانییە. وێنەی شەهیدان لە هەواڵی ئێوارەی بەرنامەی تلەڤیزیۆنیدا بڵاو دەکرێتەوە. پاشان ئەحمەدیش، جارێکی دیکە پێگەی خۆی نیشان دەداتەوە.

ڕاپۆرت: ئاراس مەمان"Aras Maman"